ئێران بە هەڕەم: دەبێت ڕێککەوتنی ئەمنی وەک خێی جێبەجێبکرێت

وەزیری دەرەوەی ئێران جەختدەکاتەوە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران وەک خێی جێبەجێبکرێت، کە تایبەتە بە چەکداماڵینی حزبەکانی ڕژهەڵات.

ئاژانسی هەواڵی میهری ئێران بە ماویکردەوە، حسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران، لە شاری ژنێف لەگەڵ وەزیری ناوخێی هەرەم کەبووتەوەو گفتوگێیان لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان هەردوولا کردووە.

بەپێی ئاژانسەکە، عەبدوڵاهیان دووپاتیکردووەتەوە کە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران جێبەجێبکرێت و ئەنجامی ئەو کارەش لە قازانجی هەموو ناوچەکەیە.

لای خێیەوە وەزیری ناوخێی هەرەم ڕایگەیاندووە، گفتوگەکانیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران، لەسەر پێیوەندی مەژوویی عێراق و ئێران و هاوکاری زیاتر و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی دوولایەنە بووە و هاوکارییەکانیشیان درێژەی دەبێت.